# بیرەوەری... ساتە هەستیارەکانی یەکەم رۆژی راپەڕین

ریپۆرتاژی: کامەران عەبدە صالح

**هەموو راپەڕینێك لە زەمینەیەکی خۆیی و لەباردا سەرهەڵدەدات،بورکانی راپەڕینی بەهاری١٩٩١ی گەلەکەشمان لە کاتێکدا تەقیەوە کە رژێمی بەعس بەشی زۆری کوردستانی وێران کردبوو،بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان کەوتبوونە بەر شالاوی ئەنفال و کیمیا باران و گرتن و کوشتن و راوەدوونان، داخ و رقێکی ئەستوور لە دەروونی جەماوەردا پەنگی خواردبۆوە.**

**لە ئاکامی داگیرکردنی کوێت و دواتر لێدانی زەبری کاریگەری هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی گەردەلوولی بیابان داو راپەڕینی دانیشتوانی باشووری عیراق ، شێواویەکی خستبووە ناو ریزەکانی کاربەدەستەکانی رژێم و سوپاکەیدا.**

**پێشتریش بانگەوازەکانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و،هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شانەی چەکدارو،خۆ رێکخستن و جۆشدانی جەماوەرو،نەخشەو بەرنامەی سەرکردایەتی(ی . ن . ك) و لایەنەکانی تری ناوبەرەی کوردستانی، زەمینەیەکی لە باری بۆ راپەرینێکی سەرتاسەری لەم بەشەی کوردستاندا رەخساند.**


**بڵاوبوونەوەی هەواڵی دابەزین و نزیك کەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان،ورەو مەعنەویاتی تێکۆشەرانی شاری زیاتر بەرزکردەوە.**

**رانیە ئەو شارە بووکە شەرەفی هەڵگیرسانی یەکەم بڵێسەی ئەو راپەرینە مەزنەی پێبڕا.**

**لە یادی (١٣) ساڵەی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دا، ڕوومان کردە لای چەند بەریزیك کە شایەتحالی ساتە هەستیارەکانی راپەرینەکەی رانیە بوون لە رۆژی (٥ی ئازار)دا، ئەوانیش بەمجۆرە بیرەوەریە شیرینەکانی ئەوساتانەیان بۆ گیراینەوە:**

سەرەتا بەریز (عبدالرحمن عەلی وەیس – کوتالفرۆش )گوتی:

سەرلەبەیانی رۆژی (١٩٩١/٣/٥) ،رۆژیکی تەرو بارانـاوی بوو،ئەو رۆژە هەر کە دوکانم کردەوە هەستم کرد کە رۆژیکی ئاسایی نیە، چونکە بەشیکی زۆر لە دوکانەکانی ناو بازار داخرابوو، کاتژمیر (٢٠ر٩) دەقیقەی بەیانی بوو کە لەسەر شەقامی بەردەم دەکانی ئیمەدا چەند بەرمیلیك لەلایەن چەند لاویکەوە دانرا،بۆ ریگرتن لەو ئوتۆمبیلانەی کە بیانەوێ بەویدا رەت بن.



پاش کەمیك دوو جیب قیادەی عەسکەری کە بەهەردووکیان ٦-٧ کەسی سەر بە رژیمی تیدا بوو بەو ریگایەدا هاتن،ریگاکەیان کردەوەو رەت بوون،کاتیك بەلای مزگەوتی گەورەدا پیچیان کردەوە تا بە ئاراستەی قولە برۆن، لە فەرعی لای دەستە راستی مزگەوتەکەوە لەلایەن سێ گەنجی شارەوە چەند تەقەیەکیان بەسەردا کرا، کە ئەوانیش بە ریزان( ئەردەلان ئەدهەم و عومەر حەمەد بەگ و حەسەن مام رەحمان) بوون .

هەرچەندە تەقەکردنەکە بەو شێوەیە نەبوو،بەڵام بووە هۆی ئەوەی جێب قیادەکان بە خێرایی و بە هەڵەداوان ئەو ناوە جێبهێڵن.

ئێمەش بە بینینی ئەمە دوکانەکانمان داخست و بەرەو ماڵ شۆڕبووینەوە.

هەروەها بەرێز جەمال عەبدوڵلا مەرگەیی، کەیەکەم کەس بوو لە رێی بڵندگۆی مزگەوتی گەورەوە بانگەوازی راپەڕینی بە گوێی جەماوەردا چرپاند بەمجۆرە بۆمان دووا :

دوای ئەوەی خۆفرۆشەکانی رژێم،هەوڵیاندا بە زەبری تفەنگ و ترساندن ئەو حەماسەیە دابمرکێننەوە کە لە رۆژی (٥ ی ئازار) دا، لەناخی جەماوەردا بۆ هەڵگیرسانی راپەرینێك دروست ببوو،سەر لەبەیانی ئەو رۆژە، من و عەبدوڵلای مام ئەوڕەحمان بە پێویستمان زانی لە رێی بلًندگۆی مزگەوتەوە داوا لە



جەماوەر بکەین کە بەشداری لە راپەرین بکەن. کۆمەڵێك منداڵمان هاندا کە هەرچۆنێك بێت کلیلی دەرگای مزگەوتی گەورە لە حاجە حەمە پەڵکۆیی،مجێوری مزگەوتی گەورە بستێنن. کوڕێکی لاو شەقێکی لە پەنجەرەی مزگەووتەکە دا، پەنجەرەکەی شکاند بەڵام قاچی زامدار بوو،دەرگای مزگەوت کرایەوە،ماتۆڕێکی کارەبامان لەو ناوە پەیداکرد.

ئیسماعیل مام رەحمان ماتۆڕەکەو،فەتحوڵلای براشی بڵندگۆیەکەی بەکار خست. برادەران شەرەفی ئەو شانازیەیان بە من بەخشی کە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی راپەرین،هاندانی جەماوەر بە چەند هوتاف و خوێندنەوەی شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی(ئەحمەد شێواو)ی نەمر. دوای نزیکەی چارەکێك لە قسەکردن لەسەر بڵندگۆی مزگەوتی گەورە، تەقە لەناو شاردا دەستی پێکرد.

عەبدوڵلای مام رەحمان هەواڵەکانی دەرەوەی بۆ دەهێنام و، چی پێویست بوایە داوای لێدەکردم تا بڵاوی بکەمەوە.

من سەرەتا وام هەست دەکرد کە ئەو تەقانە لە ئێمە دەکرێن،بەڵام عەبدوڵلا پێڕاگەیاندم کە خزمانی شاورێ بە سەرپەرشتیشەهید( عەلی نەبی)، لە پشتیوانی جەماوەری راپەڕیو دان و،رەفیق عەبدوڵلاو خۆفرۆشێکی تریشیان کوشتووە لە نزیك گەراجی جێبەکانی حاجیاوا.

داواشی لێکردم لە رێی بانگەوازێکەوە داوا لە جەماوەر بکەم تا ڕوو لە سەرای رانیە بکەن و پەلاماری قاومقامیەت و ئەمن و پۆلیس بدەن.

پاش ماوەیەك سەراش ئازاد کرا،دوای ئەوەی هەواڵی ئازادکردنی سەرای رانیەم لە بڵندگۆی مزگەوتەوە راگەیاند،خوا لێخۆشبوو(ئەسعەد حەمە عەلی) بە پڕتاو